# زامە قووڵەکەی ئەنفال

جەمال مەحموود
**April 10, 2005**

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی حەق خوازانەی خەڵکی زەحمەتکێشی کورد هەڵدەینەوە پڕن لە کارەساتو نەهامەتی کە بەسەر ئەم خەڵکە بە تایبەتی خەڵکە زەحمەتکێشەکەیدا هاتوون.
بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێک لەو کارەساتانەی کە بەسەریدا هاتوون شان نادەن لە شانی کارەساتە قووڵە جەرگ بڕەکەی ئەنفالی بەدناو.

کارەساتی ئەنفال کە لە **23**ی **2**ی **1988** دەستی پێ کردوو لە **6**ی **9**ی **1988** کۆتایی هات بە **8** قۆناغ جێبەجێ کراو **6** ناوچەی گرتەوە. **182** هەزار کەس بێ سەرو شوێن کران کە **150** هەزار کەسیان خەڵکی ناوچەی گەرمیان بوون. بەڵی ئەم تراژیدیایە ئەگەر بەرامبەر شاشەی سینەمایەک دانیشیو سەیری بکەی لەوانەیە زۆر قەناعەت بە خۆت نەکەیت کە ئەمە واقیعەو لە سووچێکی ئەم جیهانەدا ڕووی داوەو ئێستاشی پێوە بێ هەر ئەو بوقعە جووگرافیە دەزانێ کە ئەو کارەساتە ڕووی داوە.
بەڵێ ئەم کارەساتە چەند گەورەیە بەڵام نەک هێندەی گەورەیی خۆی گرینگی پێ نەدراوە بەڵکو هەندێ جار دەچێتە قاڵبی دیزە بە دەرخۆنە کردنەوە.

بێگومان کارەساتی هۆلۆکۆست کە بە کوشتنی **2** ملیۆن جوولەکە تەواو بوو لە سەردەستی ئەڵمانیای نازیو هەروەها کوشتنی یەک ملیۆنو نیو ئەرمەنی لە لایەن تورکیای عوسمانییەوە لە ساڵانی **1915** بۆ **1919** شتێکی ئەوتۆی زیاتر نییە لە کارەساتی ئەنفال کە ئێستا ئەم دوو کارەساتە زۆر چاک جیهانی بوونەتەوەو لە هەموو کونجو کەلەبەرێکی دوونیا دا باسی لێکرێو ئەو هەقانیەتەی پێ دراوەبە تایبەت کارەساتی ئەرمەنیەکان کە ئێستاش توورکیای پێوە دەناڵێنێو یەکێکە لە ڕێگریەکانی چوونی توورکیا بۆ بازاڕی ئەورووپای هاوبەش.

بەڵێ ئەنفال ئەو زامە قووڵەیە کە نەک هەوڵی سارێژ کردنی نەدراوەو نادرێت بەڵکو لە تازە ترین هەواڵی پێکهێنانی حکوومەت لە نێوان لیستی شیعەو هاوپەیمانی کوردستانیدا لە دەقی پرۆتۆکۆڵەکەداناوی نەهێنراوە وەک ئەنفال لەوە ئەچێت ئەنفال تا ئێستا داکۆکی کەرێکی سەرسەختو واقیعی نەبێت هەربۆیە تا ئێستا وەک ڕووداوێکی **Local** ناووخۆیی چاو لێ دەکرێت، ئەگەر وا نیە پاش **17** ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کارەساتەدا جگە لە هەندێ خێرو سەدەقەو یادکردنەوەی نۆرماڵی ساڵانە چیتر بۆ ئەو کارەساتە گەورەیە کراوە؟

کەدەبوو چارەسەری کێشەی ئەنفالو قەرەبووکردنەوەی ئەو چارەکە ملیۆن ئینسانە لە پێشی پێشەوەی داواکاریەکانی خەڵکی کوردەوە بوایەو ئێستا ببوایە بە جێی مشتو مڕی هەموو لایەنە بەرپرسەکانو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، خۆ ئەگەر هەر لە ڕووی یاساییشەوە بێت ئەوا ئەو داوایە زۆر ڕەوایەو دەتوانێت بەڕەو یاساییەکەی خۆی بسەپێنێت هەروەک لە لێکۆڵینەوەکەی ڕێکخراوی (چاودێری مافی مرۆڤ) ( **Human Right Watch**) دا هاتووە، دەڵێت دوا جار دادگای عەدلی نێو دەوڵەتی
**(International Court of Justice)** لە لاهای کە دادگایەکی جیهانییەو بەشێکە لە سیستەمی **UN** بۆ ئەوە هاتۆتە کایەوە کە کێشەو گرفتی نێوان وواڵاتان چارەسەر بکات ئەگەر پەیمان شکێنی یان پاشگەز بوونەوەیەک ڕوو بدات لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیدا.

کێشەی کوردیش کە ئەنفال بەشێکە لەو کێشەیە لەگەڵ ڕێککەوتن نامەی ساڵی **1951** دا گونجاوە لە مەڕ نەهێشتنو سزادانی تاوانی جینۆ ساید کە عیراق لە گەڵ **107** وولاتی تردا تیایدا بەشدارن، گرینگە ئەوەش بووترێت کە عیراق دانی بە مافی دەسەڵاتو حوکمدانی **ICJ** داناوە لە مەڕ گوێگرتن لە کێشەکانی جینۆساید کە لەلایەن وولاتە بەشدارەکانی دیکەی خاوەن هەمان هەڵوێستەوە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوەو بە ڕای میدڵ ئیست وۆچ ئەگەری ئەم ڕێگەیەیان لەبار ترە بۆ ئەوەی هەقی ئەنفال بدرێت.

بەڵێ ئەم ڕێگە یاساییە لە کاتێکدا دەتوانرا بەشوێنیەوە بیت کە خودی صەددامو ڕژێمەکەش ووجوودیان هەبوایەو نەک ئەوەی کە ئێستا صەددامو ڕژێمەکەی لەناو چوونو ئاڵو گۆڕەکان **180** دەرەجە لەسەرە لەمەڕ ئەو قەزیەیەوە.

بەلام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تائێستا ئەم گۆمە مەنگە نەشڵەقاوەو ناشیانەوێ بیشڵەقێنن**!** هەر بۆیە دە بێت چیتر چاوەنواڕیەکمان لەم هێزانە نەبێت تا بێنە پای شڵەقاندنی ئەم گۆمە.
دەبێت هەر فەردێک لە ئێمە هەر ڕێکخراوێکی مرۆڤ دۆست کە دڵی بۆ ئازادی ئینسانەکان لێ دەدات دەبێت بێتە پایی‌و کاری بۆ بکات بۆ ئەوەی لە عیراقی ئایندەدا چیتر گوێمان لە کڕوزانەوەو لالانەوەی ژنانو منالانی ئەنفال نەبێت، کە باسی ئەوە بکەن هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان لەناو چوونو ئێستاش ئەم وەک دایک یان خوشک ماوەتەوە لە کارگەیەکی چنین یان جلوبەرگ دروستکردن بە کارێکی تاقەت پڕوکێن ژیان دەگوزەرێنن، کە بێگومان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو کاتەدا نیە کە بۆ بژێوی ژیانی خێزانیان هەموو ڕۆژێک لەچەمچەماڵەوە لە دوای لۆریەوە سەردەکەوتن بەرەو کەرکووک بۆ ئەوەی لەوسەرەوە مەتارەیەک بەنزین یان هەر شتێکی تر بهێننەوە بۆ چەمچەماڵو ساغی بکەنەوە بۆ بژێوی ژیانیان لەگەڵ ئەو هەموو سووکایەتیانەی کە لە سەیتەرەکانی ڕژێمدا پێیان دەکراو کە کار گەیشتە ئەوەی کە ئاگر لە لۆریەکان بەر بدەنو چەند کەسانێک ببن بە قەقنەس تیایدا.